# خوای گەورە میهرەبانە و میهرەبانی ونەرم ونیان بوونی خۆشدەوێت لە هەموو کاروبارێکدا

له عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «خوای گەورە میهرەبانە و میهرەبانی ونەرم ونیان بوونی خۆشدەوێت لە هەموو کاروبارێکدا». وهەروەها -ڕەزای خوای لێبێت- دەیگێڕێتەوە کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «خوای گەورە میهرەبانە و میهرەبانی ونەرم ونیان بوونی خۆشدەوێت، وهێندەی بەهۆی نەرم ونیان بوونەوە دەیبەخشێت؛ ئەوا بەهۆی زبری وتوند بوونەوە نایبەخشێت، وبەهۆی هیچ شتێکی ترەوە هێندەی (نەرم ونیان بوون) نابەخشێت».

[صەحیحە] [موسلیم گێراویەتیەوە - بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

خوای گەورە میهرەبان و بە بەزەییە، وپێی خۆشە بەندەکانی هەموو کاروبارەکانیان بە نەرم ونیانی بەڕێوە ببەن، وئەو بەندانەی خۆشدەوێت کە نەرم ونیانن لە کاتی مامەڵەکردندا لەگەڵ خەڵکی و لەسەر ئەم کردەوەیە پاداشتی بەندەکانی دەداتەوە وهەرگیز بەهۆی توند وتیژبوون ئەم پاداشتە ناداتەوە، پێویستە مسوڵمان بەردەوام بە سیفەتی نەرم ونیان بوون خۆی بڕازێنێتەوە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5797